نزای : (اللهم إني أعوذ بك من الجوع، فإنه بِئْسَ الضَّجِيعُ، وأعوذُ بِكَ منَ الخِيَانَةِ، فَإِنَّهَا بِئْسَتِ البِطَانَةُ)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «(اللهم إني أعوذ بك من الجوع، فإنه بِئْسَ الضَّجِيعُ، وأعوذُ بِكَ منَ الخِيَانَةِ، فَإِنَّهَا بِئْسَتِ البِطَانَةُ)*». *(واتە: خوایە؛ پەنا بە تۆ دەگرم لە برسێتی چونکە بەڕاستی خراپترین هاوڕێی سەر جێگایە، وپەنا بە تۆ دەگرم لە خیانەت وناپاکی چونکە بەڕاستی خراپترین دەورەدەستە -خراپترین ڕەوشت وسیفەتە-)

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە گرت لە برسێتی چونکە بەڕاستی خراپترین هاوڕێی سەر جێگایە کە ڕێگری دەکات لەوەی مرۆڤ دڵ ونەفسی ئارام بێت وڕابکشێت وبە ئارامی بخەوێت، وهەروەها پەنای بە خوای گەورە گرت لە خیانەت وناپاکی لە ئەمانەت وسپاردەی پەروەردگار وبوونەوەرەکان؛ چونکە بەڕاستی خیانەت خراپترین دەورەدەستە -خراپترین ڕەوشت وسیفەتە کە لە مرۆڤدا هەبێت-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5883